# له بەهاری کوردییەوە بۆ خەزان

30-06-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** مستەفا کازمی چەند جارێکە باسی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان دەکات. رەنگە بەشێکی ئەمە پەیوەندی بە هەوڵەکانی ئەو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی هەبێت، چونکە دەستەی دەروازە سنوورییەکان راستەوخۆ گرێدراوی سەرۆکوەزیرانە. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان، بێجگە لەوانەی هەرێمی کوردستان

زریان رۆژهەڵاتی|

مستەفا کازمی چەند جارێکە باسی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان دەکات. ڕەنگە بەشێکی ئەمە پەیوەندی بە هەوڵەکانی ئەو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی هەبێت، چونکە دەستەی دەروازە سنوورییەکان ڕاستەوخۆ گرێدراوی سەرۆکوەزیرانە. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان، بێجگە لەوانەی هەرێمی کوردستان، لانیکەم پێنج دەروازەی سنووری لە کۆنترۆڵی سەرۆکوەزیران دا نین و لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. بەڵام لەوانەیە ئەم بابەتە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ڕەهەندێکی دیکەی هەبێت: پێویستە داوای کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری دیکە لەگەڵ تورکیا( کۆراڤا- ئۆڤاکوێی) لەگەڵ چاودێریی دەروازەکانی دیکە، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە دەڤەری زاخۆ و ئەگەری سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ عێراق لە یەك تابلۆدا سەیر بکرێت. بابەتەکە تەنیا خواستی دەوڵەتی عێراق نییە بۆ سەپاندنی سەروەری لە هەموو خاکەکەیدا. ئەمە زیاتر لە هاوئاهەنگییەکی ناوچەیی دەچێت بۆ ئەوەی کورد لاوازتر بکرێت.

**بۆچی دووبارە کۆراڤا؟!**

لە زەمانی سەدامەوە تائێستا تورکیا داوای کردنەوەی دەروازەی سنووری ئۆڤاکویی دەکات، بەڵام بۆچی تائێستا عێراق ئەوەی نەکردووە و تازە بە تازە پێی ڕازی دەبێت؟ کۆراڤا یان بە ناوە تورکییەکەی( ئۆڤاکویی) نزیکەی 15کم لە ڕۆژئاوای خابوور هەڵکەوتووە و ئەگەر لەوێوە نزیکەی 50-60 کم بە لێواری دیجلەدا شۆڕ ببێتەوە دەگەیە تەلەعفەر کە گەورەترین ناوچەی تورکماننشینی عێراقە. پێدەچێ یەکێك لە هۆکارەکانی ڕازینەبوونی عێراق لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ترسی پەیوەستکردنی تورکیا بە ناوچەیەکی تورکمانشین بووبێت. بەهەر هۆکارێك بێت، وادیارە بەرپرسانی ئێستای حکومەتی بەغدا ڕازیبوون و داوای ئەم دەروازەیە دەکەن کە ڕەنگە هۆکارەکەیشی تەنیا ئابووری نەبێت. پرسەکانی وەك هەبوونی دوو تەعریفەی گومرکی خەریکە لادەچن، قەبارەی بازرگانیش لەچاو ڕۆژانی بەر لە کۆرۆنا زیاتر نییە تاوەکو بڵێین کردنەوەی ئەو دەروازەیە پێویستییەکی خێرایە. بۆیە بە ئەگەری زۆر ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە ستراتیژێکی گشتگیرترەوە هەیە کە ئەویش کەلکردنی جوگرافیای کوردییە. جا ئەمە بە هێزی سەربازی و سوپایی بێت یان بە ڕێگەی دیکە! تەنیا چەند ساڵێکی کەم بەرلە ئێستا بوو کە کورد وەك هێزێکی پیادەی کاریگەر لە شەڕی دژی تیرۆر لە میدیای جیهانی وێنا دەکران، بەڵام زۆری پێنەچوو کە بە پێشچاوی جیهانەوە هەوڵە ناوچەییەکان بۆ سنووردارکردن و لاوازکردنی کورد دەستیانپێکرد. هەنگاوی یەکەمی ئەمەش کەلکردنی جوگرافیای کوردی بوو لە ناوچەکە!

پێچەوانەی بەشێك لە شرۆڤە نێوخۆییەکانی کورد، ئەمە لەبەر گشتپرسی نەبوو! چونکە هەوڵەکانی لاوازکردنی کورد، دەمێك بەر لەوە و نەك لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەستیانپێکردبوو. لە 24ی ئابی 2016دا تورکیا "ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات"ی دەستپێکرد و بەوەش یەکەم گرنگترین هەنگاوی لاوازکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕێگەی بڕینی پەیوەندی جوگرافیایی ناوچە کوردییەکان دەستپێکرد. ئەمە تازە نییە و لە ساڵی 1992ەوە تورکیا بە ڕەزامەندی بابەتییانەی دەوڵەتانی ناوچەکە، لە ڕێگەی دانانی بنکەی سەربازی و ئۆپەراسیۆنەوە ئەو کارەی کردووە. لە شریتێکی سنووریدا لە دەڤەری سۆرانەوە تاوەکو عەفرین( سۆران ـ شێلادزێ، زاخۆ، شەنگال، سەرێکانی و گرێسپی، جەرابلوس- باب)لە مەودایەکی ڕێژەیی نێوان 100-200کیلۆمەتردا شوێنێکی بۆ ئۆپەراسیۆن هەڵبژاردووە و بە کردەوە جوگرافیای کوردی لێکدابڕیوە وهەبوونی پارتی کرێکارانی کوردستانیشی وەك پاساو بەکارهێناوە. کردنەوەی دەروازەی کۆراڤا لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دابڕاندنێکی دیکەی جوگرافیای کوردە لە یەکتری و ئامرازە ئابوورییەکانی دەستی تورکیا و عێراق بۆ گوشاردانان لەسەرهەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە خودی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران کەسێکی ئەمنییە و سەرۆکی دەستەی دەروازە سنورییەکانیش (عومەر عەدنان ئەلوائیلی) کەسێکی سەربازی- ئەمنییە و لە دەزگای ئەمنی و هەواڵگرییەوە هاتووە. بۆیە ئەمە ئەگەری زاڵبوونی ڕوانینی ئەمنی بۆ پرسێکی وەك کردنەوەی دەروازەی سنووری نوێ، زیاتر دەکات.

**خەزانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان**

پرسی لاوازکردنی کورد تەنیا بابەتێك نییە کە بە کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری نوێ بکرێت و چەندین ڕەهەندی جیاجیای هەیە. بەگشتیش، هاوشانی خراپبوونی دۆخی سیاسی و ئیداریی ناوچە ئۆتۆنۆمە گرنگەکانی جیهان، پێگەی هەرێمی کوردستانیش لە داکشاندایە. لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاوڕایی ـ هاوکارییەکی ناوچەیی هەبێت بۆ ئەوەی کورد لاوازتر بکرێن.

جموجۆڵی سەربازی تورکیا و ئێران لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی بەغدا بۆ ملکەچکردنی زیاتری سیاسی- ئابووری هەولێر بەیەکەوە گرێدراون وخراپی دۆخی نیوخۆیی، لە دەرهاوێشتەکانی گەندەڵی دارایی و ئیداری وە بگرە تاوەکو ڕکابەرییە پایەدارە نێوخۆییەکانی حیزبەکانی کوردستان، لەگەڵ چاوپۆشیی و دووفاقیی سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر ناوچە ئۆتۆنۆمەکانی جیهان، هۆکاری

بەهێزبوونی زیاتری هەوڵەکانی لاوازکردنی کوردن.
لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا خواستی بەشێك لە دەوڵەتان بۆ سنووردارکردنی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانیان زیاتر بووە. هەوڵەکانی چین بۆ زاڵبوونی زیاتر بەسەر هۆنگ کۆنگ، بڕیارەکانی هیندستان سەبارەت بە ناوچەی کشمیر و هەوڵەکانی بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێی بۆ گرمۆڵەکردنی هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵات وهەوڵەکانی ئیسپانیا بۆ بەرپەرچدانەوەی خواستی جیابوونەوەی کەتەلۆنییەکان لە رۆژئاوا لە دیارترین نموونەکانی ئەوەن. لە 40 وڵاتی گرنگی جیهاندا، 121 ناوچە هەن کە جۆرێك لە ئۆتۆنۆمییان هەیە، بەڵام دۆخی ئەمانە لانیکەم گرنگترینەکانیان، گرێدراوی هاوسەنگییە سیاسییەکانی هێزداری لە جیهان، هەڵبەز و دابەز دەکات. بێجگە لە نموونەی ئیسپانیا، رۆژئاوا بەشێوەیەکی دیموکراتیانەتر لە شوینەکانی دیکەی دنیا لەگەڵ دۆخ و خواستی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمانە مامەڵە دەکات، بەڵام دووفاقییەك لە سیاسەتی ئەمریکا و رۆژئاوا بەرامبەر پرسەکانی بەشکردنی سەروەری لە ناوچە ئۆتۆنۆمەکانی شوێنەکانی دیکەی جیهاندا هەیە. ئەمە لەوانەیە لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی رۆژانەی ئەواندا بێتەوە، بەڵام لەگەڵ بەهاکانی رۆژئاوادا یەکناگرێتەوە. بەوپێیەی کە سەرەڕای سیاسەتی هەندێك لە دەوڵەتان، هێشتا ئەوە رۆژئاوایە کە تاقە شوێنی بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی دژە دیموکراسی و پاوانخوازین، هەڵوێستی رۆژئاوا کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر داهاتووی ناوچە ئۆتۆنۆمەکانی جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەبێت.

**ئەنجام**

فەلەستینی لێدەرچێت کە هەمووان هەقی دەوڵەتبوونی پێدەدەن، هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی گرنگە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وادیارە سیستەمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە چاویان پێی هەڵنایە.هەوڵەکانیش بۆ کردنەوەی دەروازەی سنووریی کۆراڤا تەنیا یەکێکە لە هەوڵەکانی لاوازکردنی کورد و هەمووی نییە. بێگومان بەم دۆخە نێوخۆییەی ئێستاشەوە ناتوانێ بەرپەرچی هەوڵەکانی لاوازکردنی خۆی بداتەوە. بۆیە ئەگەر بەتەمابێ لەوە زیاتر گرمۆڵە نەکرێت، پێویستە دانوستاندنێکی نێوخۆیی کوردی، هەوڵی راستەقینەی چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی هەبێت بۆئەوەی خەڵك خۆی بە خاوەنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بزانێت و ئەوە تەنیا بۆ دەستەبژێرێکی سیاسی بەجێنەهێڵێت. وەك ئەوەی خەڵکی هۆنگ کۆنگ بۆ پاراستنی قەوارەکەی خۆیان دەیکەن! گرنگە بۆ دەستەبژێر و رای گشتی عێراقی ئەوە روونبکرێتەوە کە یەکێك لە رێگەکانی بەهێزبوونی عێراق جیاوازبوونی سیستەمە سیاسییەکەیەتی لەوانەی کە لەم ناوچەیەدا هەن. ئەگەر بەرەو دووبارەکردنی مۆدیلەکانی ئەوانەی دیکە بڕوات، لەوان زیاتری لێدەرناچێت، بەڵام هەنگاونانی عێراق بەرەو دیموکراسی و فیدراڵی راستەقینە بەهێزتری دەکات. بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێ عێراق بەهێزتر بکات نەك لاواز.

هەروەها بەرجەستەکردنەوەی سوودەکانی مانەوە و بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دنیای رۆژئاوا بە تایبەت لەڕووی جەنگی دژی تیرۆرەوە گرنگن. بێجگە لەوەش، جەختکردنەوە لە ئەرکی ئەخلاقی رۆژئاوا بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و بڵاوکردنەوەی چەندین وتار و چاوپێکەوتنی بەرپرسانی سیاسی کوردی بۆ میدیای جیهانی گەلێك بایەخدارە. چونکە ئیستا ئیدی زیاتر لە جاران رای گشتی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا کاریگەرە وسەرکردەکانی رۆژئاوا زاتی ئەوە ناکەن پشتگوێی بخەن. ئەگەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ هێشتا نووزەیەکی تێدا مابێت هێشتا هەر لە رۆژئاوایە و رۆژئاواش ناتوانێ بەرامبەر پاوانخوازی و دەسەڵاتگەرایی رژێمەکانی دیکەی جیهان بێدەنگ بێت. چونکە زیانەکەی ئەمە دواجار بۆ ئەوانیش دەگەڕێتەوە. ناکرێ "کوردانی ئەم ناوچەیە بە ترسنۆکێك بزانی کە بەردەوام هەڵدێن" ئەویش لەکاتێکدا کۆمپانیا و بازرگانەکانی رۆژئاوا چەك و کەرەستەی سەربازی پێشکەوتوو بە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەفرۆشن!